# 6912زمانی زیندوو هەن لە جیهاندا ،

## ئایا زمانی کوردی لەکام ئاستدایە

وەرگێڕانی بە گۆرینەوە لە هۆڵندییەوە

ئە .کەمال غەریب ک.

2005-08-29

واشنتۆن 19-07-2005:

ناوەخنی نوێترین چاپی گۆڤاری ئیتۆلۆجییەکانە دەربارەی زمانە زیندووەکانی سەرتاسەری جیهان، وە ئەو زمانەی مرۆڤایەتی بەکاردەهێنن دەگاتە 6912 زمان . ڕۆژنامەی نیۆرک تایمزی ئەمریکی ڕۆژی 19-07-2005 بڵاویکردەوە. بە مەزەنەی نوێترین ئیتۆلۆجیی پاپووای گوینیا ، کە زۆرترین ئیتنیکی تیدایە ، ژمارەی زمانە لینگویستییەکان دەگەنە 820 زمان ، کە ئەمە بە بەرزترین ژمارەی زمانەکان ئەژمێرین کە لە سنووری وولاتێکدا هەیە. بەڵام وولاتی هایتی تەنها دوو زمانی زیندووی تێدایە ئەمەش کەمترین هەمەجیاوازی زمانەکانە لە جیهاندا.لە وولاتی نێدەرلاند (هۆلندا ) واتە خاکە نزمەکانی ژێر ڕادەی ئاستی دەریا ، بە مەزەنەی ئیتۆلۆجیی 15 زمانی زیندووی تێدایە ، بەڵام زمانی پەتابەرەکان هیچ حسابی بۆ نەکراوە ( واتە زمانی کورد لە ئاستی نەبواندایە.)، دوور نییە لەوە دنیاش گەر هەبێت هەمان ڕێز و پاییەی بۆ دابنرێت.

ئەو زمانانەی کە لە هۆڵندا پاییەی بوونی سیاسیان هەیە ئەمانەن : درێنتس {Drents} ,فریسی{ Fries }، خرۆنینگی{Gronings }، لیمبۆرغی {Limburgs} ,نێدەرلاندی{Nederlands}نێدەرلاندی کەروڕاڵان{Nederlandse Gebarentaal} ، ڕۆمانی ( سینتی (Sinti) {Romani }، ڕۆمانی ( ڤلاکس ) (Vlax){Romani}، سەلەندس {Sallands}، ستێڵینگ ڤێرف {Stellingwerf},تیوێنتس{Twents} ، ڤێلیوس {Veluws}، فلامس و زێیوس {Vlaams en Zeeuws}.

له ئاستی جیهاندا نزیکەی هەموو زمانە مرۆییەکان ، بوونی سیاسی خۆیان هەیە و پراتیزە ئەکرین وەک بوونی ئەو ئیتنیکییەی کە پێی ئەدوێت ، بەڵام تەنها زمان لە جیهاندا کە رۆژانە ملی خەڵکی لە سەری بەقەنارەوە ئەکرێت،زمانی نزیکەی 50 ملیۆن مرۆڤە ، وە رووبەری خاکەکەی { 500000 کیلۆمەتر دووجایە }کە رۆژ لە دوای رۆژ لە تەسکبوونەوەدایە ، و کۆنترین نەتەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەمرۆ دواکۆلۆنیاللی ژێر دەستی چوار وولاتی ئیسلامییە [ پێی ئەڵین کورد ( kurd ) ] .

سەرنج : زمانی کوردی تەنها لە بەشێکی ژێر دەستی عێڕاقدا کە 65% دانیشتوانەکەی ئەگرێتەوە مافی بوونی سیاسی هەیە و گەمارۆیی سیاسی لە سەر نییە، هەر چەند ئەمرۆ لە دەستووری عێڕاقدا هاتووە کە زمانی نەتەوەی کورد بەرامبەرە بە زمانی ئەرەبی گەر لە دەنگداندا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت...!!؟

له سەر چاوەی هەواڵەکانی هۆلنداوە A.N.P